# ئایا ڕەوانەت بکەم لە سەر ئەو ڕێنماییانەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منی لەسەر ڕەوانە کرد؟ هەر پەیکەرێک یان وێنەیەکت^ بینی بیشکێنە وتێکی بدە

لە ئەبی هەیاجی ئەسەدیەوە دەڵێت: عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- پێمی ووت: «ئایا ڕەوانەت بکەم لە سەر ئەو ڕێنماییانەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منی لەسەر ڕەوانە کرد؟ هەر پەیکەرێک یان وێنەیەکت^ بینی بیشکێنە وتێکی بدە، وهەر گۆڕێکی بەرزکراوە وڕازێندراوەت بینی تەختی بکە لەگەڵ زەویدا».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوەڵانی دەنارد بۆئەوەی هیچ پەیکەر وبت و وێنەی ڕۆح لەبەرێک ئەگەر بەرجەستکراو بێت یان نا ؛ نەهێڵنەوە، هەمووی لابەن وبیشوێنن وتێکیبشکێنن. وهەروەها واز نەهێنن لە هیچ گۆڕێکی بەرزکراوە ؛ تەختی بکەن لەگەڵ زەوی، وئەوەی لەسەری دروستکراوە لە بینا ودیوار بیڕمێنن، یان تەنها دەبێت بەئەندازەی بستێک بەرز بکرێتەوە لەسەر زەوی.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5934